# ڕۆژ باش

دڵنیام ئەمساڵیش کۆمەڵێک بەیاننامە و ئاهەنگ و بروسکە و سەردان و بەسەرکردنەوە و دروشم بۆ جەژنی کرێکاران ئامادە و بەڕێوەیە، وەلێ نە لە نێوەندی سیاسیی کوردستان و نە لە نێو خودی سەندیکاکانی کرێکاران و نە لە میدیای کوردستاندا بە ڕاشکاوی باس لە گرفتە سەرەکییەکانی کرێکاران و ژیانی کرێکاریی دەکرێت لە کوردستان.

گرفتە سەرەکییە ئەوەیە، بێگومان ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان ئەگینا گرفتەکان زۆرن.. (خەریکە دەستی کار لە کوردستان نامێنێ) یان بە واتایەکی تر (کرێکاری بێگانە دەستی کاری لە کرێکاری نێوخۆ سەندووە!).. لە مبارەیەوە دەکرێ بپرسین:

- هۆکارەکان چین؟!..
- کێ کرێکاری نەهێشت لە کوردستاندا؟
- بۆ خەڵک نایەوێت کرێکاری بکات؟
- ئەم هەموو کرێکارەی لە کوردستان هەبوو چیان لێهات و ئێستا چی دەکەن؟
- ئەم هەموو کرێکارە بیانییە چی دەکەن لە کوردستان؟
- لە کوێ هاتوون؟
- چۆن هاتوون؟
- تاکەی ئەم ڕەوشە و ژیانی کرێکاریی لە کوردستان هەر وا بەردەوام دەبێت؟
- پلان چییە؟.. ئایا (پلان) هەیە؟
- ئەم پلانە ئەگەر نییە بۆ نییە و ئەگەریش هەیە چارەسەری گرفتەکە دەکات؟
- ئایندەی کار لە کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات؟
- وەزارەتێکمان هەیە بە نێوی کار؟
- ئەی کرێکارانی کوردستان خۆیان چی دەڵێن؟
- بەڕاست ئەوان پەیامێکیان هەیە؟
- ئەگەر هەیانە کەس گوێیان لێدەگرێ؟..
- ئەی باشە سەندیکاکان لە کوێن؟
- ئایا تا ئێستا هیچ گوشارێکیان خستۆتە سەر حکومەت؟
- یان ئەو سەندیکایانەش هەر لە نێو فۆرمدا خۆیان نمایش دەکەن یان میتۆدێک لە پشت کارەکانیانەوە هەیە؟
- کوا میتۆد؟
- چی بکەین باشە؟
- لەم پرسیارە (چی بکەین باشە) کۆتایی بە پرسیارەکانم دەهێنم و دڵێم دەبێ کارێکی جدی لەمبارەیەوە بکەین، ئەوەی لەسەر ئەستۆی منی ڕۆژنامەنووس بوو کردم، کۆمەڵێک پرسیارم وروژاند، هەر یەک لەو پرسیارانە دەروازەیەکن و بەرەو ڕێگەیەکمان دەبەن.. ئەگەر بمانەوێ بڕۆین و هەنگاو بنێین ڕێگاکان دیارن!...

## ١/٥



**سالار عوسمان**